# هاریكاری كردن و پشتیوانی هێزە ناسیۆنالیستەكان لە ئیسلامی سیاسی مەحكومە

ڕێبین فاروق

لە دوای ڕوخان و لەسەر كارلابردنی صەدام و ڕژێمی بەعس لە عێراقدا مەسەلەی ئایندەی عێراق و شێوی حكومەتی داهاتووی دوای صدام لە عێراقدا دەبێتە مەسەلەیەكی سەرەكی و لە جیهانیشدا دەبێتە مەسەلەیەكی ئێجگار گرنگ , كە ئایا كێ دوای صدام دەسەلأت دەگرێ و چ بزوتنەوەیەك لە ئاكامی ئەم جەنگەی ئەمەریكادا بەهێزدەبێت.

بەلأم دەبێت باش بزانین كە وولأتانی كۆنە پەرستی چواردەوری عێراق دەورو نەخشی كارگەریان هەیە لە عێراقد , لە ڕیگای ئەو هێز و بزوتنەوانەی كەدەستی دەرەكی و كۆنە پەرستی دروستی كردون سیاسەتەكانیان جێ بەجێ دەكەن لە عێراقدا , تێكرای هێزەكانی بەرەی كۆنەپەرستی جیهان دێنە مەیدان بۆ پچڕاندنی سەهمێك لە دەسەلأت و بەهێز كردنی دەسەلأتیان.. لە دوای ڕوخاندنی حكومەتی پێشوویی عیراق ئەمەریكا ئایندەی سیاسی عیراق دیاری دەكات وە دەبێت بە جۆرێك ئایندەی سیاسی عێراق دیاری بكرێت بالأ دەستی و جێو شوێنی پایە بەرزی ئەمەریكای وەك بەشی شێر تێدا بێت و وە دەبێت خودی حكومەتی عێراقیش بەدەرەجەی یەك بەرژەوەندیەكانی ئەمەریكا لەبەر چاو بگرێت.وە ئەمەریكایش لە پێناو بەرژەوەندیەكانی خۆیدا زۆر بە باشی حسابی خۆی كردووەو دەزانێ كێ دەخاتە سەركاروو كێ بەهێز دەكات و ڕەواج بەكێ دەدات و كیش سەركوت و بێدەنگ دەكات .

وە ئەمریكاش لەهەموو لایەكەوە لە هەوڵی ڕازیكردنی عەرەبی شیعەدایە,لە بەر ئەوەی زۆر ئاسانتر دەبێت بۆ ئەمەریكا لەژێر ناوی دینی ئیسلامدا حكومەتێكی ئیسلامی ڕابگەیەنێ.وە ئەمەریكاش لەم جۆرە حكومەتانەدا خیبرەی باشی هەیە كە حكومەتی ئیسلامی لەم ناوچانەدا ڕاگەیەنێ و سیاسەتەكانی ئەمەریكا لە ڕێگای دینی ئیسلامەوە باشتر جێ بەجێ دەبێت و لاوازی ئەم هێزە كۆنە پەرستانەو هێزە ناسیۆنالیستەكانی گرتووە و دەزانێت بەس بۆ ئەوەی بگەن بە دەسەلأت هەموو شتێك قبووڵ دەكەن و ئەمەریكا زۆر بە باشی دەتوانێت قسەیان لەسەر كات و ئیشیان لەسەر بكات ئامانج و هەدەفەكانی لە ڕێگەی ئەم هێزە ڕەش و تاریكانەوە جێ بەجێ بكات وە ئەمەریكاش باشترین هێزە لە عێراقدا كە بە پلەی یەك كاری لەسەر بكات ئیسلامی شیعەیە ئینجا ناسیۆنالیزم و كورد و عەرەب . وە دەبێت ئێمەش بەر لە هەر شتێك سەرنج بدەینە ڕێگا چارەی بەرەی كۆنەپەرستی تا بزانین ڕێگا چارەیان چیە بۆ خەڵكی عێراق كە صدام ڕوخاو نەما ئیتر كێشەوگرفتەكانی خەڵكی چارەسەر دەبێت حكومەتی فیدراڵی دیموكراتی ئیسلامی و كێشەكانی خەڵكی چارەسەر دەكات خەڵك سودمەند دەبن ئازادی بەر قەرار دەبێ مەدەنیەت پێشكەوتن لەم ولأتەدا دەچەسپێ ژنان جارێكی تر نابەنە وە ژورەوەو بیانكەنەوە چوار دەوری چەند دیوارێك.بەلأم ئەم حكومەتە بە پلەیی یەك ڕەهەندی دینی بەسەریدا زاڵە و مافی فەردوو ئازادی مەدەنی و پێشكەوتن خوازی هیچ بوارێكی نامینیتەوە و نایانەوێت بەرقرار بێت.لەم حكومەتەدا دیموكراتی بۆ هێز ئیسلامیەكان هەیە كە مێژوویەكی ڕەشیان هەیە لە ئینسان كوشتن و سەربڕین و تیرۆر و شەلاق كاری شمشێر بادان و سوكایەتی و ئیهانە كردن بە ژنان و لاوان وتێزاب ڕشتن بە قاچی كچاندا و فتوای خورافی بلأوكردنەوە و بە زۆر

فەرز کردنی جبە و حیجاب و کوشتن و تیرۆر کردنی پێشکەوتن خوازان و فتوای تیرۆر دەرکردن بۆ ڕۆشنبران و تەقاندنەوەی شوێنە مەدەنیەکانی ئەم کۆمەڵگایە.

ئەمە چی دیمکراتیەکە لەگەڵ هێزە ئیسلامیەکاندا پەیڕەو دەکرێت تا لە هێزی کۆنەپەرستی ئیسلامی چاوەڕوان بین دیموکراتی بن , لە سایەی حکومەتێکی ئیسلامیدا مۆسیقا و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و باڕەکان و شوێنە مەدەنیەکان موادی قاچاخن و دەبێ بتەقێنەوە .لە سایەی حکومەتێکی ئیسلامیدا جارێکی تر کۆمەڵگا بۆ چاخی بەردین دەگەڕێننەوە , وەك ئێستاش نمونەیان زۆرە وەك ئاغاو شێخەکانی سعود و وك ئەفغانستان کە هیچ سیمایەکی شارستانی پێو دیار نیە هەر دەڵی لادێیەکە وەك جمهوری ئیسلامی ئێران کەڕۆژانە چەندین فتوایی قۆڕی دژ بە مرۆڤایەتی تیا دەردەکرێ و چەندین بزوتنەوەیی تیرۆرستی ئیسلامی دروست دەکات بۆ عازابدانی گیانی خەڵکی و تابێ پیاو سالار وکۆنەپەرستی بەهێز دەکەن بەردەوام لە هەولی پارەو پول سەرفکردنداں بۆ هێزە تیرۆریستە ئیسلامییەکان و ڕۆژانە چەندین کەس ئیعدام دەکرێ لە سایەی قانونی جمهوری ئیسلامیدا.

جا لە سایەی حکومەتی ئیسلامیدا کۆمەڵگا نابوت دەبێت و هەر نەهامەتی و دەردەسەریەك بەرۆکی خەڵکی گرت و ڕوی تێ کرد دەبێت خەڵکی شکور بن و داوایی مافی خۆیان نەکەن وبڵێن ئەمە بەشی خوایە و بارەو هاتووە و خەڵکی وا ڕادێنن و فێر دەکەن کە هیچیان پێ ناکرێت و دەبێت بێدەنگ بن .

جا لەم حکومەتەی ئێستای عێراقدا هەموو هێزە ناسیۆنالیستیەکان شەخسیاتەکانی بەشدار بوویی ئەم حکومەتە و تەنانەت خودی ئەمەریکاش دیفاع لە کۆنە پەرەستی ئیسلامی دەکەن و دیفاع لە ئاغا و شێخەکان و ڕەیس عەشیرەتەکان دەکەن و دیوەخانەکانیان زیاتر بۆ دەڕازێننەوە و ماستاو و مەراییان بۆ دەکەن تەنانەت خودیی تاڵەبانیش کە بە حسابی خۆی بە پلەی یەك خۆیی بە نوێنەر و دیفاع کەری ئازادی و علمانی و مەدەنیت و ژنان و لاوان و ڕۆشنبیران دەزانێت و چەندین جار دەڵێن من پشتیوانتانم , بەلاَم بەردەوام دیفاع لە کۆنەپەرستی ئیسلامی دەکات ئەوەتا تازەترین پشتیوانی و هاوپەیمانی نوێ دەکاتەوە لەگەڵ گەورەترین تیرۆرستی شیعەداو چندین هەزار دۆلار بۆ سیستانی وتیرۆریزمی ئیسلام سەرف دەکات پشتیوانی خۆی بۆ ئیسلامی سیاسی نوێ دەکاتەوە وە هەر چەند ڕۆژ لەمەو بەربوو لە ڕۆژنامەیی (دێر ئیشپیگڵ) ی ئەڵمانیدا دەڵێ هیچ کاتێك عێراق نابێتە ولاَتێکی علمانی و سکۆلار چونکە ئەوە بەمانایی جیاکردنەوەی ئاینە لە سیاسەت و ئێمە ئیسلام بە ئاینی ڕەسمی عێراق دەناسین و کردومانەتە سەرچاوەیەك بۆ داڕشتنی دەستوری هەمیشەیی عێراق. وە لایەکی تریشەوە تاڵەبانی دیفاع لە (موحسین عبدول حمید) سەرۆکی حیزبی ئیسلامی دەکات کە دەڵێ ئەمەریکا هەڵە بووە کە ئەو دۆستە جێی بڕوایی من بووە هەڵە بووەلە دەستگیر کردنیدا.

جا بۆیە چەندین جار تا ئێستا تاڵبانی دیفاع لە هێزە ئیسلامییەکان دەکات بەس لەبەر ئەوەی دڵی جمهوری ئیسلامی ئێران ڕازی بکات و دڵی ئیسلامی شیعە و سیستانیکان ڕازی بکات و دڵی باقی تاقمە تیرۆرستە ئیسلامیەکان دۆستی یەکێتی نیشتمانی ڕازی بکات و دڵیان نەڕەنجێنێ .

چەندین جار و هەمیشە تیۆرزمی ئیسلامی تیرۆر و تەقاندنەوە و تاوانیان دەرهەق بە خەڵکی کردووە و تەنانەت ئەندامان و دۆستانی یەکێتی نیشتمانی و سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانیان تیرۆر کردووە و بە شمشێری ژەنگاویی

ئیسلامی چەندین كەسیان سەربڕیوە و سكیان هەڵدڕیوە بەڵام تاڵەبانی بەردوام هەڵویستی نەرمی نواندووە بەرام بەریان و عافواتی بۆ دەركردوون.
ئەوە بوو لە ڕاگەیاندنەكانی یەكێتی نیشتمانیدا و لە ڕۆژنامەیی (كوردستانی نوێ) ڕۆژی 2001/10/22
ئامۆژگاری تاڵەبانی بۆ هێزەكان و چەكدارانی ئاسایشی ی.ن.ك دەركردو , بەهێزەكانی دەڵێ بەچاویی ڕێز و هاوكارییەوە دەبێت ڕەفتار لەگەڵ (بزوتنەوەیی ئیسلامی و كۆمەڵی ئیسلامی و یەگرتویی ئیسلامیدا) بكرێ ڕێگاش بە كەس نەدرێ لە سیایەتی دۆستانەیی یەكێتی نیشتمانی بەرامبەر بە هێزە ئیسلامیەكان لابدات و تەنانەت هەڕەشەش لەوانە دەكات كە ڕێز مزگەوتەكان و خانەقا و تەكییە و موقەدەساتی ئیسلام ناگرێت.
لەم حكومەیی عێراقدا لە هەرلایەكەوە و هەموو شەخسیاتە بەشدار بووەكانی ئەم حكمەتە دیفاع لە كۆنەپەرستی ئیسلامی دەكەن و بە هێزی دەكەن و تەنانەت بە ئاشكرا ڕایی دەگەیەنن و دەڵێن دەبێت هەر كەسێك ڕێز لە دینی ئیسلام بكرێت و موقەدەساتی مسڵمانان بپارێزن.
بەڵام بۆ تەنها جارێكیش باس ناكرێ ئیسلامییەكان موقەدەساتی كەسانی تر ڕێزلێبگرن و سوكایەتی و فتوایی توندی كۆنەپەرستی ئیسلام دژ بە خەڵك دەرنەكەن ئیهانە و سوكایەتی بە خەڵكی ڕادیكاڵ و مەدەنیەت و خەڵكی زەحمەت كێش و ژنان و لاوان و منداڵان و نەكەن چەندین جار تا ئیستا حیزبی كۆمۆنیزمی كرێكاری ڕایگەیاندووە كە ئەم هێزانە خزمەت بە ئیسلامی سیاسی دەكەن و لە ئاكامی جەنگی داگیر كاری ئەمریكادا ئەم كۆمەڵگایە نابوت دەبێت و نائارام دەبێت و لە هەر كوچەو كۆڵانێكی ئەم ووڵاتەدا كۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی خۆیان دەتەقێننەوەو دەست دەدەنە هەموو كاریكی دژ بەمرۆڤایەتی, وەهیچ سیمایەكی مەدەنی لەم ووڵاتەدا ناهێڵن,وە ئیمە چەندین جار ووتمان لەئاكامی جەنگی ئەمریكادا ئیسلامی سیاسی بەهیزدەبیت. بەڵام ئەوەتا هەر كەسێك دەبینێت و دەبیستێت كە ئیسلامی سیاسی بووەتە چی هێزیك , كە نەك ئەم هێزانەی عێراق حسابی بۆ دەكەن تەنانەت خودی ئەمەریكا حسابی تەواوەتی بۆ ئیسلامی سیاسی دەكات و كۆنە پەرستی بۆتە هێزی سەرەكی لە عێراقدا.
جا بۆیە دەبێت خەڵكی زۆر بە ئاگا بن و خۆش باوەڕنەبن بە دیموكراتی ئیسلامی سیاسی شیعە , لەسایەی حكومەتێكی ئیسلامیدا ئازادی مەدەنیەت ڕادیكاڵی و خۆشگوزەرانی و مافە سەرەتاییەكانی خەڵك بەند دەكەن و كۆنەپەرستی و دوواكەوتوی بەهێز دەبێت, لە هەر كوچە و كۆڵانێكی ئەم ولاتەدا بنكەیەكی فتوادانی بلاوكردنەوەخورافە دەكەنەوە.

**كۆتایی**